# ئۆتووی پۆرتێبڵ لە گیرفاندا هەڵدەگیردرێت

ئۆتووی کارەبایی گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە مێژووی ئۆتوو بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوەو لە ڕۆمای کۆندا جلەکانیان بۆ قەدکردن و نوێکردنەوەی جلەکان لە ئوتوی ئاگری سوود وەردەگیردرا و ئەم جۆرە وتووە هەتا ساڵانی 70کانی سەدەی ڕابردووش هەر مابوو. ئەمجارە کە جیهان بەرەو بچووک بوونەوەو دیجیتالی دەچێت، ئۆتوویەك بەرهەم هاتووە کە لە گیرفاندا هەڵدەگیردرێت و بەهۆی لاپتۆپ یان هەر ئامێرێك کە شوێنی کێبڵی USB هەبێت شەحن دەبێتەوە. ئەم ئۆتووە بۆ ئەوانەی دەبێت کە لە سەیران و گەشتیشدان بەڵام دەیانەوێت جلەکانیان هەمیشە نوێ بێت و ئوتوکرابێت. ئۆتوو پۆرتێبڵەکە بە باتری قەڵەمیش کاردەکات.



# بەڕێکردنی ئینتەرنێت بەهۆی گڵۆپی کارەباوە

ئینتەرنێت وەك مۆبایل بۆتە پێداویستییەکی گرنگی ڕۆژانە، گەلێك شێواز هەن بۆ بەڕێکردنی ئینتەرنێت وەك سیستەمی هێڵی تەلەفۆن، بەڕێکردن بەهۆی مۆبایل، یان بەهۆی شەپۆلی Wi-Fi و چەند شێوازێکی دیکەش. لە نوێترین هەوڵدانیشدا پسپۆرانی ئەو بوارە هەوڵیانداوە هێڵی ئەنتەرنێت لە ڕێگای گڵۆپی کارەباوە بەڕێ بکەن، چ شتێك لەوە باشتر کە گڵۆپی ڕووناکی ماڵەوە جگە لەوەی ڕووناکی دەبەخشێت هێڵی ئەنتەرنێتیش بڵاودەکاتەوە. پسپۆران دەڵێن توانیویانە خێرایی گواستنەوەی ئینتەرنێت بەهۆی ئەو گڵۆپە تایبەتانەوە بگەیەننە 3 گیگابایت لە چرکەیەکدا. ڕەنگە پرسیارێك بێتە پێش چ هۆکارێك هەیە کە هێڵی ئەنتەرنێت بەهۆی ئەو گڵۆپانەوە بەڕێ بکرێت، لەکاتێکدا سیستەمی Wi-Fi هەیە؟ وەڵامەکە ئەوەیە بەهۆی ئەوەی سیستەمی ناوبراو هەمیشە تێکەڵاوی شەپۆلی دیکە دەبێت و زۆرجاران ئەو تێکەڵییە گرفت لە گواستنەوەی ئینتەرنێتدا پێك دەهێنێت، بەتایبەتی لە نەخۆشخانە و تاقیگاکاندا کە چەندین ئامێری دیکەش هەن کە شەپۆل بڵاودەکەنەوە.






# نۆکیا و بەرهەمهێنانی مۆبایلی ئاشا

کۆمپانیای نۆکیا هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر لە ریزی کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بواری بەرهەم هێنانی مۆبایلدا سەیر دەکرا و تەنانەت لە پێشەوەی گشت کۆمپانیاکانی دیکە بوو، بەڵام دوای بەرهەم هاتنی مۆبایلە هۆشمەندەکان لەلایەن ئەپڵ و سامسۆنگ و سۆنی و چەند کۆمپانیایەکی دیکەوە، نۆکیا چەند هەنگاوێك بەرەو دواوە رۆیشتەوە هەرچەندە کۆمپانیا هولەندییەکە بە هاوکاری لەگەڵ مایکرۆسۆفت بە بەرهەمهێنانی زنجیرە مۆبایلی لومیا چەند هەنگاوێك بچێتە پێش و خۆی لە ریزی مۆبایلە ژیرۆکەکاندا ببینێتەوە.

کۆمپانیا ناوبراو لەم دوایەشدا زنجیرە مۆبایلێکی بەناوی Asha بەرهەم هێنا کە مۆبایلی Asha501 لە ریزی باشترینیان دێت لەو زنجیرەیەدا.

مۆبایلی Asha501 مۆبایلێکی ئاساییە و مامناوەندییەو پردێکە لەنێوان مۆبایلی هۆشمەند و ئاساییدا، بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: شاشەکەی 3 ئینجە، بەڵام کوالیتییەکەی ئێچ دی نییە. لە بواری دیزاینەوە زۆر سەرنج راکێشە و تەنانەت دیزاینەکەی زۆر وەك دیزاینی ئایفۆن 5 دەچێت، بەڵام رامەکەی ئەوەندە لەسەری نییە و تەنیا 128 مگابایتە لەگەڵ ئەوەیدا دەکرێت میمۆری کارتی 32 گیگابایتیشی بۆ دابندرێت، کامێراکەی تەنیا 3.2 میگاپیکسلە بە بەراورد بە کامێرای مۆبایلە هۆشمەندەکان کە 8 و 12 و 41 میگاپیکسلن زۆر لە خوارێیە، مۆبایلەکە دوو سیمکارت دەخوێنێتەوەو 6 رەنگی هەیە و کێشەکەی 98.2 گرامە، گشت سیستەمەکانی وایەرلێسی هەیە، وەك GPRS-WLAN-Bluetooth بەڵام ئاماژە بە سیستەمی Wi-fi نەکراوە. جێگای ئاماژەیە نرخی مۆبایلەکە زۆر هەرزانە ئەوەش گرنگترین تایبەتمەندییەتی مۆبایلەکە لەلایەن کۆمپانیاوە بە 100 دۆلار خراوەتە بازارەوە.

# ماوسێکی تایبەت لە گیگابایتەوە

ماوەیەك لەمەوبەر کۆمپانیای گیگابایت ماوسێکی نوێی بەرهەم هێنا کە بەناوی NEON ناسراوە. ماوسە نوێیەکەی گیگابایت کە لە ریزی Aivia دا دێت، لە راستیدا ماوسێکی presenter کە توانای ماوسێکی ئاسایشی هەیە. واتە ماوسێکی چەند ئەرك پێکەوە ئەنجام دەدات هەم ماوسێکی پێشکەوتووەو هەم ماوسێکی ئاساییە، هەم لە رێگای کێبڵەوەو هەم لە رێگای وایەرلەیسەوە بە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت، گەر ماوسەکە لەسەر پاد لابرد بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی حاڵەتی presenter ئەکتیڤ دەبێت و کارکردی ماوسەکە بەتەواوی دەگۆڕدرێت. ماوسەکە دەکرێت تەنانەت لە هەواوەو لە رێگای 10 تا 15 مەتری دوور لە کۆمپیوتەر کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر بکات، جگە لە تایبەتمەندییە ئاماژە بۆکراوەکان ستایلێکی زۆر سەرنجراکێشی هەیە.



# مۆبایلێکی هۆشمەند دیزاینی خۆی دەگۆڕێت

ماوەی یەك دوو ساڵە باس لە شاشەی تەنك یان شاشەیەك کە نەرم بێت و بە هەرجۆرێك حەزت لێبێت بنوشتێتەوە دەکرێت. هیچ دوور نییە لە ماوەیەکی کەمدا ئەم تەکنەلۆژییە وەك زۆر تەکنەلۆژی دیکە کە پێشتر وەك خەیاڵ دەهاتنە بەرچاو بە بەرفرەیی بێتە بەرهەم.




کۆمپانیای نۆکیا و سامسۆنگ و ئێل جی، چەند نموونەیەکیان لە شاشەی تەنك و نەرم لە پیشانگاکاندا خستۆتەڕوو، بەڵام هەتا ئێستا هیچ کامیان ئامێری لەم جۆرەیان نەخستۆتە بازاڕەوە.

نوێترین مۆبایلی هۆشمەند کە بە ویستی بەکارهێنەر بنوشێتەوە و لول بدرێت و قەد بکرێت بەناوی More phone کەوتە بازاڕەوە، ئەم مۆبایلە لەلایەن توێژەرەوانی زانستی زانکۆی کوئینی کەنەدا هاتۆتەبەرهەم.

هەرچەندە شاشەی مۆبایلەکە رەش و سپییە، تۆڕێکی تایبەتیش ئەرکی گۆڕینی ستایلی مۆبایلەکەی بە ئەستۆیە، بەکارهێنەر دەتوانێت کە مۆبایلەکە لە چ کاتێکدا بە چ شێوەیەك دەربێت، بۆ نموونە گەر کورتەپەیامکت بۆ هات، گۆشەی لای راستی مۆبایلەکە بنوشێتەوە، ئەگەر ئیمێلێك بوو گۆشەی لای چەپی، گەر پەیوەندییەکت بۆ هات هەموو مۆبایلەکە لەناوەوە بنووشێتەوە. بەکارهێنەر دەکرێت بە راستکردنەوەی مۆبایلەکە، پەیوەندییەکە وەڵام نەداتەوە.




## وەڵامی پرسیارەکانت لەم سایتە وەربگرەوە

Answers.com

ئەنتەرنێت جیهانێکی بەربەرینە و هەرچی مەبەستت بێت و بتهەوێت لەم جیهانەدا دەست دەکەوێت، گشت ئەرکێك لە گەڕان بە دوای نوێترین دەنگوباسدا یان نوێترین گۆرانی و فیلمدا لەم جیهانەدا هەیە، تەنانەت دەکرێت کڕین و فرۆشتنیش لەم جیهانەدا وەك جیهانی واقیعی ئەنجام بدەی. سایتی http:// /www.answers.com یەکێك لەم سایتە گرنگانەیە کە هەر پرسیارێکت هەبێت سەبارەت بە هەرشتێك دەکرێت لەم سایتە پرسیارەکەت بکەی و وەڵامەکەشت وەردەگرییەوە. پرسیارەکان هەرکام ریزبەندی خۆی هەیە و بۆ هەر پرسیارێك دەبێ سەری بەشی تایبەت بەخۆی بدەی. بەشێکی تێدایە کە وەڵامی پرسیار بە ڤیدیۆ دەداتەوە کە زیاتر لە دووسەد هەزار گرتەی ڤیدیۆیی تێدایە، ڤیدیۆییەکان لە 200 بەشدا کۆکراونەتەوە، سایتەکە بە 5 زمانی زیندووی جیهانە.

# پرۆگرامێکی ئەندرۆیدیی بۆ رێکخستنی پەیامەکان



سیستەمی ئەندرۆید لە مۆبایلدا گەر باشترین سیستەمیش نەبێت، باوترین و گشتگیرترین سیستەمە، چونکە رێژەی ئەو ئەپلکەیشنانەی بۆ ئەو سیستەمە داندراوە لە دەیان هەزار تێپەڕی کردووە. یەکێك لەو ئەپلکەیشنە یان پرۆگرامانەی بۆ ئەم سیستەمە داندراوە، ئەپلکەیشینی GO SMS Pro کە دەکرێت رێکخستنی گشت ئەو کورتە پەیامانە بکات کە بۆ مۆبایلەکەت دێن. تواناکانی پرۆگرامی ناوبراو لەوانەدا کورت دەکەینەوە.

دانانی دیزانێکی نوێ بۆ پرۆگرامەکە، سوود وەرگرتن لەو ستایلانەی کە لە پرۆگرامەکەدا هەن. توانای دانانی چەندین فۆڵدەر وەك، فۆڵدەری کورتەپەیامە نێردراوەکان، کورتەپەیامە هاتووەکان، هەروەها دانانی فۆڵدەرێکی تایبەت بۆ پەسۆرد دانان لەسەر کورتەپەیامەکان، بۆ نموونە حەز دەکەی ئەو کورتە پەیامانەی لە ژمارەیەکی دیاریکراوەوە بۆت دێن کەس نەیبینێت و کورتەپەیامەکان ئۆتۆماتیکی دەچنە فۆڵدەری پەسۆرد بۆ داندراو. رێکخستنی خێرا و ئاسانکاری لەسەر تێسکتی کورتەپەیامەکان. بەڕێکردنی خێرای کورتەپەیام و پەیامی دەنگی و ڤیدیۆیی. پشتیوانی کردن لەزۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان، توانای نووسین بە دەستوخەتی خۆت و لەگەڵ دانانی رەنگ تایبەت بە تێکستی پەیامەکان، دروستکردنی لیستێکی رەش بۆ کورتەپەیامەکان، بۆ نموونە حەز ناکەیت لە ژمارەیەکی دیاریکراوەوە هیچ کورتەپەیامێکت بۆ بێت.

# ڕۆبۆتی میرووی کۆپتەر



کە سەیری ئەم وێنەیە دەکەن ڕەنگە هەمووتان گەر جارێکیش لە هاویندا لەسەر چەم و ڕووبارێك یان کانییەك دانیشتبن ئەو زیندەوەرتان دیوە، ئێمە بە منداڵی پێمان دەگوت «کۆپتەر» چونکە بەڕاستی شێوەی تەواو لە هەلیکۆپتەر دەچێت.

پسپۆرانی تەکنەلۆژیای نوێ ڕۆبۆتێکیان بەرهەم هێناوە هەر ڕاست لە شێوەی ئەم »کۆپتەرە« دەچێت، وەك ئەم مێرووە فڕۆکە دەفڕێت، تەنانەت فڕینەکەی ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ زیندەوەرە ڕاستییەکە. ڕۆبۆتە فڕۆکەکە ناوی BionicOp-ter لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەندازیاری ئەڵمانییەوە بەرهەم هاتووە. دەکرێت بەهەموو لایەکدا بفڕێت و تەنانەت لە شوێنێکیش وەك کۆپتەری ڕاستەقینە لە حەوادا ڕاوەستێ. باڵەکانی لە فایبەری کەربۆن دروستکراوە و لە چرکەیەکدا 20 جار لێدەدات. دەکرێت بەهۆی پرۆگرامێك کە لەسەر مۆبایلە هۆشمەندەکان دەخرێت کۆنترۆڵی بکەی، هەرچەندە نازانرێت مەبەست لە بەرهەمهێنانی ئەم ڕۆبۆتە چییە، ئایا وەك یاری گەیمی منداڵان دەکەوێتە بازاڕ یان وەك ئامێرێکی سیخوڕی، بەڵام بۆ دیتنی گرتەی ڤیدیۆیی لەسەر ئەم ڕۆبۆتە سەرێك لە سایتی یوتیوب بدەن و دەستەواژەی BionicOpter لە بەشی بەدواداگەڕانی یوتیۆبدا بنووسن.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت بۆ ئەوەی پاسۆردی ئەکاونتەکەم لە فەیسبووکدا بە هەڵە لێبدەم کاتێك نیازمە بیکەمەوە، کۆمەڵێك پرسیار دەکات، گەرچی دڵنیاشم کە هیچ هەڵەیەك لە پاسۆردەکەدا نییە.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك جار هەیە بۆ ئەمنییەتی زیاتر پرسیارت لێدەکات و پرسیارەکانیش بریتین لە دانانی 5 وێنە لە پێنج ئەکاونتی هاوڕێیانت لە فەیسبووك، گەر وەڵامەکان بە باشی بدەیەوە ئەوە ئەکاونتەکەت دەکرێتەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جار هەیە هاوڕێیانت لە فەیسبووك سەیری پرۆفایلەکەت دەکەن و نیازیانە وێنەکانی سەر پرۆفایلەکەت بۆ خۆیان بەرن، یان هەر نیازیانە دەستکاری ئەکاونتی فەیسبووکەت بکەن، بۆ ئەم مەبەستە جارێکی تر کە نیازتە بیکەیەوە ئەم پرسیارانە دێنێتە پێش و تاکو بزانێ بەراستی تۆ خاوەنی سەرەکی ئەم ئەکاونتەی. پێویست ناکات خۆت بەمەوە سەغڵەت بکەی و چونکە گەر زەینت یاریدەدەرت بێت و وێنەی هاوڕێیەکانت بناسی بەئاسانی دەتوانی بیکەیەوە.

# تەبلێتەکەی ئاسوس و تایبەتمەندییەکانی




کۆمپانیای ئاسوس مێژوویەکی چەندین ساڵەی هەیە لە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەرو پارچەکانی کۆمپیوتەردا، لەم دواییەدا کە بازاڕی تەبلێت گەرم بوو، کۆمپانیای ناوبراویش نوێترین تەبلێتی خۆی بەرهەم هێنا. تەبلێتەکە لە ڕاستیدا fone-padێکە، وشەی فۆن پەد، لە سەرەتای وشەی فۆن واتە تەلەفۆن و پاد وەرگیراوە. فۆن پەدی کۆمپانیای ئاسوس کە بە مۆدێلی Fonepad ME371MG ناسراوە، سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەسەرە و شاشەکەی 7 ئینجە، کوالیتییەکەی مام ناوەندییە. خێراییەکەی 1.2 GHzە کە بۆ فۆن پەد خێراییەکی گونجاوە، هەروەها هاردەکەی 16 گیگابایتە. کێشەکەی تەنیا 340 گرامە. بە سیستەمی وای فای- یا 3G بە ئینتەرنێت پێوەند دەدرێت. کامێراکەی زۆر باش نییە چونکە تەنیا 1.2 میگاپێکسلە کە زیاتر بۆ وێبکەم گونجاوە.